http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.622

# زاراوە لـە فـەرهـەنگی زمانـی کوردیدا

بـەکر عومـەر عـەلـی[1] سۆزان سـەعدولّلا عـەبدولغـەنـی[2*]

[1]کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی .

[2]کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرموو.

[*] suzan.saadulla@charmouniversity.org


## پوختە

توێژینەوەکە پوختەی بەشێکە لە بەشەکانی نامەی دوکتۆراکەماندا ، کە ئەم بەشە بۆ ڕێگەیەک لە ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا تەرخانکراوە ، کە ئەویش زاراوەیە . ( زاراوە ) ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا ، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی خێرایی ژیان و سەرهەڵدانی چەمک و داهێنانی نوێ وشەو زاراوەی نوێ دێتە ئاراوە ، کە بە تێپەڕبوونی کات هەندێکیان ڕەگ دادەکوتن و دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی زماندا و دەروازەکانی فەرهەنگی زمان لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە دەگۆڕێت . زاروەکانیش ئەو وشانەن ، کە لەبوارە تایبەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن ، وەکو بوارەکانی زانست و ئەدەب و ڕامیاری و...هتد .


## پێشەکی

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ڕۆڵی (زاراوە) لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا بخاتەروو، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە ڕێبازی پەسنی - (وەسفی) بەستوە و نموونەکانیش ئەو زاراوانەن ، کە لە بوارە تایبەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن .

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە ، بەشی یەکەم : تیۆری و ڕوونکردنەوە بۆ چەمکی (زاراوە)و پێویستی زاراوە و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە (زاراوە) ، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتووە ، لە تەوەرەی یەکەمدا هەندێ لە لایەنەکانی فەرهەنگمان خستۆتە ڕوو ، وەکو گرنگی و سوودەکانی فەرهەنگ و چۆنێتی گواستنەوەی وشە و زاراوە لە نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی تایبەتیدا ، لە تەوەرەی دوومیشدا باسی دوو لایەنمان کردووە ، لایەنێک تایبەتە بە لێکسێمبوونی زاراوە و لایەنەکەی تریشیان تایبەتە بەو زاراواە و کەرەستە بێگانانەی ناو زمانی کوردی ، کە بەکاردەهێنرێن و چوونەتە ناو فەرهەنگەکەیەوە ، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو .

## زاراوە

زانایانی ڕۆژئاواو عەرەب، چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ زاراوە داناوە، کۆنترینیان دەڵێت: " زاراوە وشەیەکە لە بوارێکی پسپۆڕیدا واتاو داڕشتنێکی دیاریکراوی هەیە هەرکاتێک لە زمانی ئاساییدا بەکارهات مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە ئەم وشەیە سەر بە بوارێکی دیاریکراوە." (ممدوح محمد خسارە:٢٠٠٨: ١١). لەوبارەیەشەوە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پێوانە

# The Terminology in Kurdish Dictionary

**Abstract**

This study is a part of my PhD dissertation entitled (The Role of Term in Enriching Kurdish Dictionary) , This study is an attempt to approach a basic method of Kurdish lexicon development, namely terminology, which has a vital role in its enrichment process especially to bring the language up to date. To catch up with modern life which has been witnessing unlimited number of inventions and new concepts, new technical terms are coined and later become a deep-rooted part of the language. Consequently, new entries find their way to the language dictionary. Terminology covers terms that are technically used in different domains like science, literature, policy, etc..

The present descriptive study aims at depicting how terminology enriches Kurdish lexicon. The examples provided in the study are terms which are of technical uses in various special domains.

The study is of two sections. The first is theoretical and explicates the concept of terminology and what is relevant to the term. The second part includes two sections: one sheds light on lexicography and the general and specific importance of dictionary; and another deals with coining technical terms and the foreign terminology in Kurdish language with special investigation to the ways they have entered the Kurdish dictionary. In the conclusion, the results are manifested and tailed with the list of the references used in the study.

**Keywords**: *Term , Dictionary , Lexicalization , foreign term*